www.hetaw.net
ژمارە (٨٤٧) چوارشەممە ٣ی ئازاری ٢٠١٠ی زایینی
هەموو دوو شەممەو چوارشەممەیەک

**ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەر تاکێکی کوردی بەبیری سیاسی خۆیدا بچێتەوەو ئاگاداری تەواوی ئەو جموجوڵە سیاسییانە بێت کە دەکرێت، لەنێویشیاندا ئەدای پەرلەمانتارانو هەڵوێستی لیستە کوردییەکان**



# داوای دروستکردنی سەنتەرێک بۆ چاودێریکردنی کاری پەرلەمانتارانی کورد دەکرێت

## نەسروڵڵا سورچی: ئەو سەنتەرە زۆر پێویستە، بەڵام لەلایەن زانکۆکانەوە سەرپەرشتی بکرێت




خوێندکارانی زانکۆ و زانکۆکاران بەوردی چاودێری نوێنەرانی کورد لەبەغدا دەکەن

فۆتۆ: رۆشنان رەسوڵ

**ئا: ئەحمەد محەمەد گەرمیانی**

### گرەو لەسەر بردنەوەی دەنگی زانکۆکان

بەشێک لەمامۆستایانو خوێندکارانی زانکۆ سەر بەپارتو لایەنە سیاسییەکانو لەنێو ئۆرگانو رێکخراوەکانی ئەو قەوارانەدا ئەرکی سیاسیو رێکخراوەییان جێبەجێدەکەن، بۆیە دەتوانرێت هەریەکێک لەو کیانانە سەنگو قورسایی خۆیان بزانن.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو کەسانەن کە لایەنگری سیاسییان نییە، بەڵام لەمەسەلە گرنگو هەستیارەکانی میللەتەکەیاندا هەڵوێستیان دەبێت، هەربۆیە کارکردنی لیستو قەوارە سیاسییەکان بۆ کەمەرکێشکردنی دەنگی ئەم توێژەیە.

بێشک یەکێک لەو هۆکارانەی زانکۆ وەک ناوەندێکی زانستی سیخناخ دەکات لەململانێی رکابەرەکانیان، بوونی ژمارەیەک وانەبێژی زانکۆیە لەو کێبرکێیەدا، هەر لەبەر ئەمەش بردنەوەی دەنگی زۆرینەی ئەم توێژە ئاسان نییە بۆ هیچ لایەنێک.

دانا جەمال خوێندکاری زانکۆی سلێمانییەو بەگرنگییەوە باسی ناردنی نوێنەرە هەر دڵسۆزەکانی کرد بۆ بەغدا، چونکە بەڕای ئەو؛ لەئێستا بەدواوە ئەرکی ئەندام پەرلەمان قورستتر دەبێت، "ئەویش بەهۆی بوونی چەند بابەتێکی چارەسەر نەکراو لەنێوان حکومەتی هەرێمو بەغدادا، پەرلەمانی داهاتوو گەرمتر دەبێت، بەتایبەتی دوای هاتنەوە کایەی کۆمەڵێک هێزی دژە فیدراڵیو دیموکراسی".

پرسە نەتەوەییە نیشتمانییەکان سەرەکیترین دۆسیەی یەکلانەکراوەی کوردن کە پێویستە لەم خولەی پەرلەماندا چارەسەرێکی بابەتییان بۆ بدۆزرێتەوە بەپشتبەستن بەدیکۆمێنتە مێژوویی و جوگرافییەکان.

لانە محەمەد خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەی کەلار باس لەوەدەکات، کە دەبێت نوێنەرانی کورد زۆر بەهۆشیارییەوە مامەڵە لەتەک راستییە مێژووییەکاندا بکەنو سازش لەسەر بچوکترین مافی کورد نەکەن، "کورد هێزێکی کاریگەرو خاوەن بڕیاری عێراقەو دەبێت ئەو قۆناغە بەهەند وەربگرێتو لانی کەمی مافە نەتەوەییەکانی بەدەستبێنێت".

لانە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چوونی کۆمەڵێک کەسی شارەزاو بەئەزموونو خاوەن هەڵوێستی نیشتمانی بینراو جێگای ئومێدی کۆمەڵانی خەڵک دەبێت.

لەدوای رووخانی رژێمی بەعسو هاتنەکایەی دەسەڵاتێکی تاڕادەیەک دیموکرات، کورد بووە بەشێکی سەرەکی عێراقی نوێ، بەڵام تائێستا چۆنێتیو چەندێتی دەسەڵاتی کورد یەکلایی نەکراوەتەوە، سەرەڕای دیارینەکردنی سنووری راستەقینەی هەرێمی کوردستانو هەڕەشەی بەردەوامی نەتەوەچییەکان لەمەڕ لەباربردنی سیستەمی فیدراڵیو هەڵگرتنی کارکردن بەسیستەمی تەوافوقی، بێگومان لەئاوا حاڵەتێکدا سەنگی قورسی کورد لەبەغداوە زەرورەتێکی حەتمییە.

### چاودێری پەرلەمانتاران دەکرێت

وەک تێبینی دەکرێت، هەندێک لەنوێنەرانی کورد ئەدایان وەک پێویست نەبووە، بەڵام پێویستە بۆ قۆناغی داهاتوو چاودێرییەکی توند بخرێتە سەر نوێنەرەکانو رێگەیان نەدرێت بەدەست حزبو لایەنەکانەوە ئاراستە بکرێن، بەڵکو ئەوان نوێنەری گەلنو داواکارییەکانی جەماوەر کاری لەپێشینەیانە.

بەرهەم کەریم خوێندکارێکی تری زانکۆی سلێمانییەو ئاماژە بەوەدەکات؛ دەبێت نوێنەرانی کورد لەبەغدا کەسانی دڵسۆزو بەمانای وشەش سیاسی بنو رابردوویەکی پاکو پسپۆڕییەکی تەواویان هەبێت.

ئەو خوێندکارە دەڵێت "کورد ئێستا رووبەڕووی چەند بابەتێکی ئاڵۆزی نەتەوەیی دەبێتەوە، کە بێگومان پێویستمان بەکەسانی پرۆفیشناڵ دەبێت تا بەرگری لەمافە بەدەستهاتووەکان بکەنو ئەوانەشی بەدەستنەهاتوون بکرێنە پرۆژەو بخرێنە چوارچێوەی یاساو دەستوورەوە".

بەبۆچوونی بەرهەم باشترین رێگا بۆ چاودێریکردنی نوێنەرانی کورد لەبەغدا بریتییە لەدەربڕینی نارەزایی لەسەر ئەو لیستانەی وەک پێویست ئەرکەکانی سەرشانیان رایی ناکەن.

لانە محەمەد ئەوەشی وت "ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەر تاکێکی کوردی بەبیری سیاسی خۆیدا بچێتەوەو ئاگاداری تەواوی ئەو جموجوڵە سیاسییانە بێت کە دەکرێت، لەنێویشیاندا ئەدای پەرلەمانتارانو هەڵوێستی لیستە کوردییەکان".

لانە وای بۆ دەچێت، کە هەر لیستێک نەتوانێت نوێنەری راستەقینەی جەماوەر بێت، ئیتر دەبێت نیشانەی پرسیاری بخرێتە سەرو جارێکی تر متمانەی پێنەکرێتەوە.

### سەنتەرێکی بەدواداچوونی بێلایەن گرنگە

نەسروڵڵا سورچی کاندیدی حزبی زەحمەتکێشان لەپارێزگای هەولێر ژمارە (٢٧) لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان باس لەوەدەکات، کە دەبێت زانکۆکان گرنگی تایبەتییان پێبدرێتو پێویستییەکانی سەردەمیان بۆ دابینبکرێت، هەر لەمامۆستای ئاست بەرزو فەراهەمکردنی زیاتری تەکنەلۆژیاوە تا هەوڵدان بۆ کردنی زانکۆکانمان بەئەندام لەفیدراسیۆنی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهاندا.

نەسروڵڵا سورچی ئەوەشی وت "یەکێک لەگرنگترین خاڵەکان سەبارەت بەخزمەتکردنی زیاتری زانکۆکان، بریتییە لەدانانی پلان بۆ دۆزینەوەی هەلی کارکردن بۆ دەرچووانی زانکۆ".

لەئێستادا کردنەوەی سەنتەرێکی چاودێریکردنی ئەدای نوێنەرو لیستە کوردستانییەکان لەبەغداو سەرپەرشتیکردنی لەلایەن دەستەیەکی بێلایەنەوە، وەک پێویستی سەردەم لێکدەدرێتەوە.

دانا جەمال وای بۆ دەچێت بوونی رێکخراوێک یان سەنتەرێکی بەدواداچوون لەسەر رۆڵی نوێنەرانی کورد لەبەغدا، کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ئەکتیڤکردنی لیستو نوێنەرە کوردەکان.

نەسروڵڵا سورچی ئەوە بەهەنگاوێکی زۆر کاریگەر لێکدەداتەوەو دەڵێت "بوونی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی سیاسی کە لەلایەن زانکۆکانەوە سەرپەرشتی بکرێت، هەنگاوێکی تەواو پۆزەتیڤە سەبارەت بەبەدواداچوونی کارەکانی پەرلەمانی عێراقو کاریگەری نوێنەرانی کورد لەبەغدا".

شایەنی باسە توێژی لاوانو بەتایبەتیش خوێندکارانی زانکۆ بەشەوقو زەوقێکی زۆرەوە چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆری ئومێدەکانی نەتەوەکەیان دەکەن، هەربۆیە کارکردن بەرۆحێکی نیشتمانی نەتەوەیی لەوانەیە کاریگەرترین خاڵی بزواندنو راکێشانی دەنگەکانی زانکۆکاران بێت.

# "جەلال دەباغ نوێنەری حیزبێکە کە پەڵەی رەشی لەسەر نییە"

## "لەپێناو داکۆکیکردن لەمافە نەتەوەیەکانی گەلی کورد لە بەغداد دەنگ بە مامۆستا جەلال دەباغ دەدەین"



مام شۆڕش



عەبدوالڕەحمان مەرگەیی



رێباز مام شۆڕش



سیروان حەمەد ئەمین



هاوڕێ هەڵمەت

**ئا: رۆژیار وڵاتی**

کادرانی لقی راپەڕینی حیزبی زەحمەتکێشان باوەڕێکی تەواویان بەکاندیدانی خۆیان هەیەو بەجۆشو خرۆشەوە بەشداری لەپرۆسەکەدا دەکەنو کار بۆ سەرخستنی کاندیداکانیان دەکەن.

سیروان حەمەد ئەمین ئەندام لقی راپەرین لەمبارەیەوە دەڵێت "بەوپێیەی کە زەحمەتکێشان باوەڕێکی تەواوی بە بەها دیموکراسییەکان هەیەو پێیوایە دەبێ سەرجەم چینو توێژەکان لەرێگەی سندوقی دەنگدان دیاری بکرێن، بەشداری لەم پرۆسەیەدا دەکات بۆ لەبەرچاو گرتنی دوارۆژی نەتەوەکەمان".

ناوبراو وتیشی "بۆ ئەو خولەی هەڵبژاردن زەحمەتکێشان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان بەشدارە، ئەگەرچی حیزبە باڵا دەستەکانی ئەو لیستە هیچ کات مایەی خۆشی نەبوونو جێگای رەخنەن، بەڵام ئێستا بۆ بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمانو بەتایبەت کە زەحمەتکێشان بەرژەوەندیی گەلەکەمانی خستۆتە پێش هەموو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی حیزبەوە، بۆیە بە شانازییەوە دەنگ دەدەم بە نوێنەری ژمارە (١٨)ی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە جەلال دەباغە، چونکە ئەو کەسە نوێنەری تاکە حیزبێکە کە بچوکترین پەڵەی تاوانی لەسەر نییەو مێژویەکی پڕ سەروەری هەیەو بێویژدانییە کە هەموومان شانازی بە زەحمەتکێشانەوە نەکەین".

مام شۆرش کە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆرشی گەلەکەمان و حزبی زەحمەتکێشانە، پێیوایە "زەحمەتکێشان لەگۆڕەپانەکەدا خاوەنی هەڵوێستەو هەر لەسەرەتای دروستبونییەوە هەوڵی دادپەروەری داوەو لەمبارەیەشەوە باجی هەڵوێستەکانیداوەو چەندین کۆسپی بۆ دروستکراوە، بۆیە لەجەماوەری گەلی کورد داوا دەکەم روبکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردنو دەنگ بە جەلال دەباغ پاڵێوراوی ژمارە (١٨)ی لیستی هاوپەیمانی بدەن".

بە بڕوای هاورێ هەڵمەت ئەندام لقی راپەرینی زەحمەتکێشان "جەلال دەباغ ناسنامەی مێژووییو نوێنەری حزبی زەحمەتکێشان بەگوێچکەی هەموو کوردان دەگەیەنم، کە زیاتر لەنیو سەدەیە خەبات بۆ کوردان دەکات، هەر بۆیە دەنگی بۆ دەدەم، تا لەپەرلەمانی عێراقی فیدراڵ داکۆکی لەمافەکانم بکاتو پەشیمان نەبمەوە لەدە نگدانمو دڵنیام دەنگدان بۆ نوێنەری ژمارە (١٨) بە فیڕۆ ناچێت هەرگیز".

رێباز مام شۆڕش ئەندام لقی راپەرینی حزبی زەحمەتکێشان پێیوایە، کە زەحمەتکێشان زۆر بە باشی خۆی بۆ ئەو پرۆسەیە ئامادەکردووەو جارێکیتر لە پێناوی بەرگریکردن لەمافە رەواکانی گەلی کورد، هاتووەتە ناو کێبڕکێکانو دەیەوێت لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدان شەڕ لەسەر دەستکەوتەکانی گەلی کورد بکات.

بە بڕوای رێباز مام شۆڕش، ئەو گوتارە سیاسیو هەڵوێستانە کە زەحمەتکێشان پێی دەناسرێتەوە هەڵوێستە روونەکانیەتی لەمەیدانی سیاسی کوردستانداو چەندینجاریش باجی ئەو هەڵوێستانەی داوە، بەڵام ئەوەی جێگەی شانازیە بۆ زەحمەتکێشان قەرەبووکردنەوەی سەرجەم ئەو باجانە، کە دەیدات لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانو هەڵبژاردنی نوێنەری دڵسۆز و پاکەوە دەهێنرێتە وە گۆرەپانەکە.

رێباز وتیشی "دڵنیام لەوەی کە کاندیدەکەمان کەسێکی زۆر سەرکەوتوو و پاک و دڵسۆزەو رێژەیەکی بەرچاویش دەنگ بە دەستدەهێنێتو ئەگەر بگاتە پەرلەمانی عێراق بێگومانم لەوەی شەڕ لەسەر مافە رەواکانی گەلی کورد دەکات، بۆیە هەرگیز بیر لەماندووبوون ناکەمەوە کاتێک کار بۆ سەرخستنی جەلال دەباغ دەکەم، کە لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان ژمارە (١٨)یە".

عەبدولڕەحمان مەرگەیی کادری ناوەندی رانیەی حزبی زەحمەتکێشان پێیوایە "تەنها پرۆسەی هەڵبژاردنە کە دەتوانێ یەکسانی بۆ هەموو چینو توێژەکان بگێڕێتەوە، چونکە دەنگی باڵادەستێکو هەژارێکو دەوڵەمەندێک وەک یەکە، بۆیە گرنگە هەموومان بەشداربینو نوێنەری راستەقینەی خۆمان دیاری بکەین، کە ئەویش کاندیدی ژمارە (١٨)یە لەلیستی هاوپەیمانی کوردستانو پێویستە هەموومان کار بۆ سەرخستنی بکەینو ئومێدمان زۆر کە سەردەکەوین.

سەبارەت بەو پرۆتۆکۆلەی کە لەنێوان حزبی زەحمەتکێشان و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان واژووکراوە ریباز مام شۆڕش وتی "ئێمە بەردەوام هەوڵمان لەپێناو نزیککردنەوەی پەیوەندی بەردەوامدابووە تاکو لایەنە نەتەوەییو نیشتمانییەکان لە یەک بەرەدا کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان بکەینو بەهۆی نزیکبوونی گوتاری نەتەوەیی زحمەتکێشانو رابردوو پاکیی مامۆستا جەلال دەباغو فەلسەفەو گوتاری سیاسیو نەتەوەیی پەچەدەکە ئەو هەنگاوە نراوەو پێشموایە کە ئەو پشیتوانیکردنە قورساییەکی بەرچاو بەو پاڵێوراوەمان دەبەخشێت.